# بڕیارێکی بەعسییانە

**نورەدین وەیسی**

لە کاتێکدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەم رۆژانەدا بە سەری لێوو شەرمنیەوە قسە لە سەر گەندەڵی دەکاو گوایا دەیەوێ سنوورێکی بۆ دابنێت کەچی حکومەتەکەی سلێمانی لە رەفتارێکی بەعسیانەو گەندەڵکارییەکی دیکەدا بڕیاریدا ((پێنج نمرە بۆتێکڕای نمرەکانی کوڕوکچانی شەهیدانی گەلی کوردستان بۆساڵی خوێندنی 2005-2006 زیاد بکرێت))!

ئەم بڕیارە جگە لەوەی نەریتێکی بەعسیانەیە، سووکایەتیەکی گەورەشە بەرامبەر پرۆسەی خوێندن وخودی بنەماڵەی شەهیدان ، چونکە هەرگیزناکرێ نمرەکانی خوێندن وەکو بەخشش سەیر بکرێن ووەك پاداشت بە خەڵك - با زۆر قوربانیدەریش بن-بدرێن ،ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتیش بەڕاستی پەرۆشی خزمەتکردنی ماڵباتی شەهیدانەکانیەتی ئەوە باشترین پاداشت کردنیان ئەوەیە سنوورێك بۆ ئەو گەندەڵییە بێ وێنەیە دابنرێت کەتێکڕای کوردستانی تەنیوەو کاربەوە گەیشتووە خودی خۆشیان نەتوانن نکۆڵی لێ بکەن ، هیوادارم کوڕوکچی شەهیدانی یەکێتی ئەم بڕیارە بەعسیانەیە کەسووکایەتیەکی گەورەیە بە خۆیان وبنەماڵەکانیشیان لەقاوبدەن ورەتی بکەنەوەو رازی نەبن بەناوی نمرە زیاد کردنەوە سووکایەتیان پێبکرێت و، حکومەتی سلێمانیش ناچار بکەن لە بڕیارەکە پاشگەزببێتەوە .



پێنج نمرەی تێکرا بۆ کوڕ و کچی شەهیدان زیادکرا

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا پێنج نمرە بۆ تێکڕای نمرەکانی کوڕو کچی شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ زیادبکرێت.
لەم ڕووەوە بەفەرمانی بەڕێز عیماد ئەحمەد سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت کە ژمارە (١/٣٢/١٢٦٣٤)ی بەسەرەوەیە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٥ دەرکراوە، ٥ نمرەی تێکڕا بۆ سەر نمرەکانی کوڕو کچی شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ زیاد دەکرێت، کە دەرچووی ئامادەیین بەمەبەستی وەرگرتنیان لەکۆلێژو پەیمانگاکانی هەرێمدا.
فەرمانەکە ئەوەشی تێدا هاتووە کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی بەهاوکاریی دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان، ئەو فەرمانە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکەن.



رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات ژمارە (٣٧٨٦) سێشەممە ٢٠٠٥/٩/٢٧
A Kurdish Daily Newspaper Published by The PUK - Iraqi Kurdistan. Tue. 27/9/2005 No.3786